

چیرۆک

# تاڵ وەکو زوڵفت




خەمی دوورییەک، موچڕکەی ژانێ، ژانی نووسینێ، هەتاوی... هەتاوی چ بڵێم کە خاتوون خۆی هەتاوێکە و گیان دەبەخشێتە من و ئەم چیرۆکە، ئەو کچی باران و هەتاوو زەردەپەڕە، زەردەپەری چی و مەردەپەڕی چی، ئەو نەبوایە... ئەرێ ئەو نەبوایە چ دەبوو؟

پەری دەڵێ ئەو نەبوایە ڕەنگە تۆ نەتتوانیبا دەستت بەم چیرۆکە بکردبایە، خاتوون... من لەم چیرۆکەدا بەژنی تۆ دەبینم، بەگیانت هێشتا ئەم چیرۆکە سەرەتایە بەڵام تۆ بۆ ئەم چیرۆکە... ئەرێ ئەو بۆ ئەم چیرۆکە چی؟ ئەرێ بڵێم گیانە و ڕژاوەتە جەستەی ئەم چیرۆکە؟ ئەرێ بڵێم من خەریکم ئەم

چیرۆکە بۆ ئەو دەنووسم؟ ئەرێ ئەم چیرۆکە چیرۆکە؟

خاتوون ئێستا لە نهۆمی دووی ئاپارتماندا دانیشتووە و گوێی لە ئاهەنگێکی سلیندیۆن گرتووە. نیگای لە پرچی ئاڵۆزترە. من لە ژوورەکەی خۆم دانیشتووم و گوێم لە کاسێتێکی مامليێیە.

شەوە دونیا وەکو زولفت سیا پۆش

ئەرێ من دەتوانم بکەم دەردی دڵ فەرامۆش؟ بەگیانت دونیا بەو دەردانەوە خۆشە. ئەرێ تۆ دەزانی سیلندیۆن چ دەڵێ؟ ئەرێ خاتوون من لە زولفی سیای تۆدا هەموو دونیا دەبینم. پەری دەڵێ خەون بە دونیاوە نەبینم. ئەو دەڵێ تۆ لە نهۆمی دووی ئەو ئاپارتمانە جێت زۆر بەرزە خاتوون. ئەو دەڵێ. . . . ئەو هەرچی دەڵێ بە من چی ؟من بیر لە تۆ دەکەمەوەو ئەم کۆشکەش بە تۆوە خۆشە خاتوون. بە گیانت هەر ئەو ئێوارەی چوارشەممەیەی کە یەکمان دیت لەو کاتەوە من شەیدای تۆم. پەری دەڵێ بۆ هەموو ئێوارەکانت چوارشەممەن؟ ئەو دەڵێ شەیدا بۆ چیرۆکنووس نابێ. تۆ بڵێ من چی پێ بڵێم کە هەموو ئێوارەکانم چوارشەممەن و هەموو چوارشەممەیەک تۆ لە دایک دەبی و من ئێوارەی چوارشەممان شەیداترم لە هەموو ئێوارەکان. ئەرێ تۆ دەزانی ئەمڕۆ دەرسی کیمیامان بوو؟ ئەرێ خاتوون تۆ دەزانی دونیا بە کیمیاوە خۆشە؟

ئەمە خشتەی مەندەلیۆفە. بۆ یەکەم جار مەندەلیۆف کیمیازانی ڕووسی خشتەیەکی دانا بۆ ئەوەی توخمەکانی تێدا جێ بکاتەوە. ئەو هەموو توخمەکانی بە پێی دەرەجەی توخمی لەم خشتەیەدا جێ کردەوە.

ئەرێ خاتوون من چەندە حەزم دەکرد کە توخمێک بایەم لە توخمەکان و دەرەجەی توخمیەکەم بە قەد تۆ بایە. ئای ئەو کاتە لە ماڵێکدا جێمان دەبۆوە. ئەرێ خاتوون دوێنێ بابت بە تەلەفۆن پێی وتم کە بیر لە تۆ نەکەمەوە. ئەو دەیگوت کە دەرەجەی توخمی من و تۆ لە ئاستێکدا نییە. برۆ پات بە قەد بەڕەی خۆت ڕاکێشە. تیکەیەک بگرە بۆ قورگت ببێ. کچی من بۆ تۆ نابێ. ئەو بە خەونی خۆیەوە دەژێ. سەدی وەک تۆش بۆ ئەوە نابن ئاو بەدەستیا بکەن. تۆ لە کوێ و ئەو لە کوێ.

من دەزانم ئەمانە قسەی تۆ نین. تۆ باوەڕت بە جەدوەلی مەندەلیۆف هەیە؟ئەرێ تۆ دەزانی...

ئەو توخمانەی کە دەرەجە توخمییەکانیان نزیک بە یەکن مەندەلیۆف لە لای یەکەوە

داینان.

تۆ لە نهۆمی دووی ئەم چیرۆکە ئەوت داناوە دەڵێی چی؟نهۆمی دووهەمی ئەم کۆشکە لە کوێ و ئەو ژوورە شپرزەیەی تۆ لە کوێ؟

ئەرێ ئەوان ڕاست دەکەن ؟ئەرێ خۆ قسەکانی ئەوان وەک خشتەکەی مەندەلیۆف دەچێ.

ئەو ئێوارەی چوارشەممەیەم قەت لە بیر ناچێ. تۆ دایکمت بانگ کردو دایکم هات بانگی کردم دەرسی کیمیات پێ بڵێم. ئەرێ تۆ لە بیرت ماوە دەرسەکە لە سەر چ بوو خاتوون؟من کە ئەو ئێوارەیەم قەت لە بیر ناچێ. مەگەر دەتوانم لە بیرم بچێ؟

$H_2+Cl_2=2HCL$

نە من قەت ئەو ئێوارەیەم لە بیر ناچێ. من لە بیرم ناچێ کە چۆن یەکگرتنی دوو توخمی $H_2, Cl_2$ تورشییەکی لێ دەکەوتەوە. هەر ئەو ئێوارەیە دیتم کە باوکت چۆن ناوچاوی لێ تورش کردم. باوەڕکە خاتوون من هەر بیرم لای دەرسەکە بوو. باوەڕکە قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە کە من و تۆ لە خشتەی مەندەلیۆفدا جێمان ببێتەوە. ئەو کاتەش خشتەی مەندەلیۆفم نەدەزانی. بۆ باسمان لە هیچ خشتەیەک کرد کە ئەو ناوچاوی لێ تورش کردم؟



ئەرێ تۆ قەت چیرۆک دەخوێنیتەوەپەری

دەڵێ چیرۆک بۆ کەس بە دیاری نەنێرم خاتوون. ئەو دەڵێ تۆ قەت لە چیرۆک ناگەی. وەک من چۆن لە خشتەی مەندەلیۆف. من گوێ لە قسەی ئەویش ناگرم. من ئەم خشتەیە تێک دەدەم. ئەرێ خەمی دونیا هەموو خشتەکانم پێ دەشکێنێ . ئەرێ قەیدی ناکا لێرەدا نوکتەیەکت بۆ دەگێڕمەوە خاتوون. دەڵێن ڕۆژێ قانیع لە شوێنێکەوە ڕەت دەبێ دەبینی کابرایەک بەدەم خشت پێژانەوە سەرو گوێی شیعرەکانی دەشکینێ . ئەویش دەڕوا لە داخا هەموو خشتەکانی دەشکێنێ. دەزانم پێکەنینت نایە. بەلام باوەڕ کە خشت شکاندن لە خشتە شکاندن خۆشترە.

ئەرێ پێم نەوتی چیتریشی وت خاتوون. ڕاوەستە و دان بە جەرگی خۆتدا بنە هەمووت پێ دەڵێم چیی وت. بەلام ئەمانە لە گوێی منا پووشێکە. لەم گوێمەوە دێ و لەم گوێمەوە دەڕوا . من بەمانە کۆڵ نادەم. من ئێستەش دەمەوێ... ئەرێ خاتوون پێی وتم:

لەو گەڕێ چت دەوێ پێت دەدەم. ماشێنت بۆ دەکرم. خۆم بە خەرجی خۆم دەتنێرمە زانکۆ. دایکیشت دەنێرم چاک بێتەوە. ئەرێ دایک زۆر ئازیزە خاتوون. بەلام دەڵێ: "دوکتۆرەکان پێیان وتووم چاک نابمەوە. من تەمەنێکم بە دەستەوە نەماوە. پام لە لێواری گۆڕدایە. هەر دوێنێشەو باوکت خۆی لە خەودا بانگی کردم. ژینی خۆت بۆ من مەشێوێنە. من دەزانم ئەویش تۆی خۆش دەوێ. – ئەرێ خۆت پێت وتووە کە منت خۆش دەوێ. –گەر خۆت وتووتە سبەی نیوەڕۆ ئەو پەردەیە لادە با تاو بێتە ناو ژوورەکەوە. ئەرێ خاتوون! شتی تریشی وت. وتی کە ئەمڕۆ و سبەی شەکراو خواردنەوەتە. ڕاست ناکا، بڵێ ڕاست ناکا. بڵێ ویستوویە منت لە بیر ببا. ئەگەر ڕاست ناکا سبەی دووجار بە بەردەم پەنجەرەکەدا بێ و بچۆ. پێم بڵێ ئەو ڕاست ناکا. بڵێ کە ئەو خەریکە من و تۆ تێک کاتەوە.

پەری دەڵێ گەر ئەو لە نهۆمی دووهەمە نووسینی ئەم چیرۆکەش بێهوودەیە. بڵێ ڕاست ناکا و بۆ خۆت ئاگات لێیە کە چ دەکەم. من دەزانم تۆ ئێستە لەوێوە لەوەی لەم چیرۆکەدا دەنووسرێ ئاگاداری. من دەزانم. سبەی ئەم چیرۆکەت دەگاتە دەست . کە گەیشتە دەستت توخوا با هەر ئەو ئاهەنگەی سێلندیۆن لە سەر CDPLAYER مکە بێ. ئاخر باوەڕ کە خووم پێ گرتووە خاتوون. ماملێشم بۆیە خۆش دەوێ لە هەموو گۆرانییەکانیا تۆ دەبینم. بیر لە خۆکوژی ناکەمەوە. بەلام من و ئەم چیرۆکە بە تۆوە زیندووین. سبەی ئەم چیرۆکەت لە گەڵ دیوانی قانیعدا بۆدەنێرم. خۆ شیعر دەخوێنیتەوە. لە بیرت نەچێ کە من ئەو دیوانە بۆ تۆ دەنێرم و ئەم چیرۆکەشم بۆ تۆ نووسیووە. بەلام با کەس نەزانێ. . . ئا لە بیرم چوو پێت بڵێم سبەی ئیمتحانی کیمیامان هەیە.